# بەئاگابوون لە هەژموونی وشەكان


لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو

(زانكۆی سەلاحەددین- كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی)


(٢- ٢)

ململانێ لەسەر عەقڵی مرۆڤ و خواستەكانیان و زاڵبوون بەسەر بیر و ئاكار و ڕەفتارەكانیان و كۆنترۆڵكردنی چی دەڵێن و چی ناڵێن و قەدەغەكردنی بیروبۆچوون و وشەكانیان و لە گۆڕانی وشەكانیان. ململانێیەكی كۆنە و لە بەرەبەیانی مێژووەوە بە خواستێكی گرنگ هەژماركراوە ((هەر لە ئایدیای دێرینی زۆرەملێی میسرییەكان و سوارەكانی پەیكەرو بڵاوبوونەوەی پرۆسەكانی گەمەكردن بە عەقڵ و ئەو سزایانەی هێزە سیاسی و ئایینییەكان لە سەدەكانی كۆن و ناوەڕاست تا دووەمین جەنگی جیهانی و ئەو كۆمەڵكوژییانەی نازییەكان لە زیندانە قەرەباڵغەكان كردیان و بەرنامەكانی ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریكی لە پەنجاكانی سەدەی بیستەم بۆ زاڵبوون بەسەر عەقڵدا، بەرنامەی شۆك بوون، پاشان خۆدەرخستەكانی ئەم ڕۆژگارە بۆ ڕاوانانی ئامێرەكانی پێوەندیی ئەلیكترۆنی و شەپۆلەكانی كارۆموگناتیسی و پرۆگرامكردنی زمانەوانیی دەماری پەلی كێشا، هەر لەو دەستپێكانەوە بوونە قوربانی دەستی ئەوانەی تایبەتمەندێتییەكانی عەقڵمانیان بەزاند و هەوڵیان دا بیروبۆچوونەكانمان جارێكی دی دابڕێژینەوە و عەقڵ و بیر و هۆشمان دیسانەوە پێكبهێننەوە و لە قاڵبیان بدەن، لەم پرۆسەیەشدا چەندان ئامرازی دیار و نادیاریان بەكارهێنا و ڕێی دروشمە ئایینی و دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكانیان لێ دەدا و پشتیان بە گەندەڵی و سزادان و ئەشكەنجە و شكاندنی ڕێز و كەرامەتی مرۆڤ دەبەست)).(١٠)

نێردەكانی خوێندن و ئاڵوگۆڕی قوتابییان و زانایان و سەردانیكاران، بوونە بازووی بەهێزی گۆڕینی هزر و بەها و پرەنسیپەكان و سپیكردنەوەی مێشك و عەقڵەكان و سڕینەوەی شوناسی نیشتمانی و نەتەوەیی ((كاتێك هەندێك لە گومانبەرانی ئەمەریكی وەك (جۆزیف نای ٢٠٠٤) دەیوت لە زاناكانی سۆڤیەت و فەرمانبەرانی ئاسایشی دەوڵەت (KGB) دەترسێین، كە سەردانی ئەمەریكایان دەكرد و دەترسان لەوەی (نهێنییەكانمان بدزن)، ئەوە ئەو گومانبەرانە نەیانتوانی تێبینی ئەوە

بکـەن، کـە لەگـەڵ خۆیانـدا جگـە لـە نهێنییـە زانسـتییەکان، بیـر و هـزری سیاسیشـیان دەبـرد، زۆر لـەو سۆڤیەتییانە کاتێـک سـەردانی ئەمەریکایـان دەکـرد، لەگـەڵ خۆیانـدا هـزری نـوێ دەربـارەی مافەکانـی مـرۆڤ و لیبرالییەتیـان بـۆ نـاو سـۆڤیەت ڕادەکێشـا، پاشـان بوونـە سـەرکردە و پێشـەنگی لیبرالییـەت لـە سـۆڤیەت)).

(ئۆلیـگ کالۆجیـن) کاتێـک سـاڵی (١٩٩٧) بـووە گـەورە بەرپرسـی (KGB) وتـی: ((ئاڵوگـۆڕەکان بوونـە ئەسـپی تـەڕوادە، کـە بەهۆیـەوە هاتنـە نـاو یەکێتیـی سـۆڤیەت، پاشـان ڕۆڵیـان لـە داڕمانـی یەکێتیـی سـۆڤیەت گێـڕا، ئـەم حاڵەتـەش بـووە نەخۆشییەک و بۆ ماوەی چەندان ساڵ بەردەوام بوو و ژمارەیەکـی زۆری خەڵـک دووچاری نەخۆشـییەکە بـوون)). وەزیـری دەرەوەی ئەمەریـکا (کۆڵـن پـاوڵ) دەڵێـت: ((ناتوانـم بیـر لـەوە بکەمـەوە، کـە وڵاتەکەمـان یەدەگێکـی لـەوە گرانبەهاتـری هەبێـت، کـە دۆسـتایەتی لەگـەڵ جیهانـی ئاییندەدا بـکات، ئەوانـەی لێـرە خوێندنیـان تەواوکـردووە، ئەویـش لەبـەر ئـەوەی قوتابییـە نێودەوڵەتییـەکان کاتێـک بـۆ وڵاتەکانـی خۆیـان دەگەڕێنـەوە، بەگشـتی ڕێـز و پێزانینێکـی زۆریـان بـۆ بەهـا و دەزگەکانـی ئەمەریکا دەبێـت)). (١١)

ڕادیـۆ و تەلەڤزیـۆن و ڕۆژنامـە و گۆڤارەکان و ڕۆڵی بەرهەمهێنانـی سینەمایی، تـا دەگاتـە ئینتەرنێت و کەناڵـە ئاسـمانییەکان و تـۆڕی کۆمەڵایەتـی فەیـس بـووک لـە هەموویـان زیاتـر گرنگییـان بـە جەنگـی هزرەکان و گەمەکردن بە عەقڵەکان و سـپیکردنەوەی مێشـکەکان و جیهانگەریـی ئاییـنزا و بەهـا و ئایدیا و ئایدیۆلۆژییـەکان و دروسـتکردنی ڕای گشـتی و بەکارهێنانـی مرۆڤـەکان داوە، هەروەهـا ڕادیۆی (بـی بـی سـی بەریتانـی ١٩٢٢) و ڕادیـۆی (ئەورووپـای ئـازاد- ئەمەریکـی ١٩٥٠) و ڕادیـۆی (مۆنتـی کارلـۆ - فەڕەنسـی ١٩٧٢)، پاشـانیش (ڕادیـۆی سـەوا- ئەمەریکـی ٢٠٠٢) ڕۆڵـی یەکلاکەرەوەیـان گێـڕا لـە کەمەندکێشـکردنی دڵ و گیانـەکان بـۆ ڕۆشـنبیری ڕۆژئاوایـی و ڕەواجـدان بـە هزرەکانـی ئەورووپـا و ئەمەریـکا و سـەپاندنی هەژموونـی ڕۆشـنبیری و ئابـووری و سیاسـی بەسـەر گەلانـی جیهانـدا، هەروەهـا ڕۆڵیشـیان لـە پوچەڵکردنـەوەی تیـۆری بۆچوونەکانی شیوعیەت و شۆسیالیستی گێڕا، کە ئـەو کاتـە یەکێتیـی سـۆڤیەت ڕەواجـی پـێ دەدا.

لە وڵاتە عەرەبییەکانیش ڕادیۆی (دەنگی عەرەب)، کـە (جەمـال عەبدولناسـر لـە مانگـی حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٥٣) دایمەزراند، بووە بازوویەکی ڕاگەیاندن بـۆ ڕەواجـدان بـە سیاسـەتەکانی (عەبدولناسـر) و سـەرکوتکردنی نەیارانـی، ((سـەرەتا و یەکـەم عەبدولناسر ئەم ڕادیۆیەی بۆ ئـەوە بەکارهێنـا، کە شـەرعیەت و ڕەوابوون لەناو ڕای گشتی میسریدا بە خـۆی بدات، هەروەهـا بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕای گشـتی عـەرەب بـۆ ڕەوشـی نەتەوەپەرسـتی عەرەبـی، ئـەم کارەشـی بـە بەکارهێنانـی زمـان و دەربڕینـی عەرەبـی و ڕەوانبێـژی عەرەبـی بـوو دەربـارەی ڕێـز و شـکۆی عەرەبـی.

**دووەم:** ئـەم ڕادیۆیـەی بـۆ هێرشـکردنە سـەر سـەرکردەکانی عـەرەب بەکارهێنـا، کـە هەژموونـی میسـریان ڕەت دەکـردەوە، بەتایبەتـی شانشـینی عەرەبـی سـعوودی، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کەسـایەتییەکی ڕۆژنامەنووسـییان بەکارهێنـا، کـە (محەمـەد حەسـەنێن هەیـکل) بـوو، بـۆ ئـەوەی بەبەردەوامـی هێـرش بکاتـە سـەر پاشـاکانی سـعوودییە.

**سێیەمیش:** بە لاڕێدا بردنی ئاراستەی تووڕەیی گـەلان بـوو، وەک چەواشـەکارییەک بۆ شکسـتهێنانی سیاسـەتەکانی ڕژێمـی (عەبدولناسـر)، تـا ئـەو تووڕەییـە بـە ئاراسـتەیەکی دیکـەدا هەنـگاو بنێـت،

نـەک گلەیـی و گازانـدەکان بـەرەو (عەبدولناسـر) بچێت، بێـژەر و ڕۆژنامەنووسـەکان پەنجـەی تاوانیان بـۆ ڕۆژئـاوا و بـۆ وڵاتـە عەرەبییـەکان درێژکـرد و بـە کۆنەپەرسـتیان نـاوزەد دەکـردن)).(١٢) لـە سـەردەمی کەناڵـە ئاسمانییەکانیشـدا کەناڵـی (جەزیـرە ١٩٩٦) پەیـدا بـوو، کـە وەک (دەنگـی عـەرەب) وا بـوو، بـەڵام بەشـێوەیەکی تـازە و لـەم کەناڵـەدا ڕەخنـە ئاراسـتەی سـعوودییە دەکـرا، بـۆ بنکۆڵکردنی ڕۆڵـی سـەرکردایەتیکردنی سعوودیە بـۆ جیهانـی ئیسـلامی و عەرەبـی.

بێگومـان سـعوودییەش بەرانبـەر بـەم کارە دەستەوەسـتان نەوەسـتا، بۆیـە وێسـتگەکانی ڕاگەیاندنـی بـە ڕادیۆی و تەلەڤزیـۆن و ڕۆژنامەکانەوە ئاراسـتەکرد، بـۆ بەرەنگاربوونـەوەی ڕاگەیاندنـی میسـری سـەردەمی عەبدولناسـر، لـەم پرۆسـەیەدا ڕاگەیاندنـی سـعوودی ڕەخنـەی لـە سیاسـەتی (عەبدولناسـر) گرت و وەڵامی ڕەخنەکانی ڕاگەیاندنی میسـری دەدایـەوە، بەجۆرێـک هـەر ڕەخنەیـەک بـە ڕەخنەیەکـی دی ڕووبـەڕووی دەبـووەوە. هـەروەک ڕووسـیا و وڵاتانـی شـیوعیەت بـۆ بەرگریکـردن لـە خۆیـان و ئایدۆلۆژیاکەیـان بەرانبـەر بـە ڕاگەیاندنـی ڕۆژئاوایـی دەیانکـرد.

کۆمپانیاکانـی زانیـاری و تەکنۆلۆژیـا پشـکی شـێریان لـە ململانـێ بـۆ زاڵبـوون بەسـەر دڵ و هۆشـی خەڵکـدا هەبـوو، هـەردوو ناوونیشـانی ((ئەپـڵ و گـوگڵ دەیەیـەک لـە ململانێـی عەقڵـی مـرۆڤ))، ڕۆژنامـەی (عـەرەب) وتارێکـی بۆ شـیکاری تەکنۆلـۆژی (ئەیـاد بـەرەکات) بڵاوکـردەوە و لـە کۆتایـی وتارەکەیـدا باسـی پێشـبرکێیەکی کـرد، کـە لەنێوان دوو زەبەللاحـە تەکنیکییەکەدا بەڕێوەدەچوو: کـە دەڵێـت: ((ململانێـی ڕاسـتەقینە لەنێـوان (ئەپـڵ و گـوگڵ) و لایەنەکانـی دی تەنیـا لەنێـوان فرۆشـیارانی مۆبایلـدا نییـە، یـان لەنێـوان ئەوانـەدا نییـە، کـە بەشـێوەیەکی فـراوان بەکاریـان دەهێنـن، بەڵکوو ململانێی ڕاستەقینە بـۆ سـەر ئەوانەیە، کە لـە ئایینـدەدا ڕاگەیانـدن و شۆشـیال میدیا کۆنتـڕۆڵ دەکـەن و بۆ ئەوانەشـە، کە لـە داهاتـوودا بازاڕەکان کۆنتـڕۆڵ دەکـەن، کـە ناوەڕۆکـی فیلـم و مۆسـیقا دەفرۆشـن، کـە کامیـان کڕیـاری زیاتـرە. ململانێـی ڕاسـتەقینە بـۆ ئەوانەیـە، کـە بـە شـێوەیەک لـە شێوەکان کات و ساتی زیاتـری خەڵکی قـۆرخ بکـەن و زیاتـر بچنـە نێـو دڵ و عەقڵـی خەڵکـەوە)).(١٣)

شـۆڕشـی پیشەسـازی، پاشـانیش شـۆڕشـی تەکنۆلـۆژی، پێویسـتی زۆری بـە دەسـتی کار هەبـوو، کـە کارامـە و زرنـگ و لێهاتـوو بـن، لـە هەمـان کاتیشـدا ماندوونەنـاس بـن و بـە هـەرزان دەسـتبکەون، تـا کۆمپانیا و کارگـەکان و بنکەکانی بڵاوکردنەوە و سـەرمایەداران قازانجی زۆر و زەبەنە بەدەسـتبهێنن، ئەویـش بەبـێ هیـچ کەمتەرخەمـی و کەموکوورییـەک. لێرەدا (گەشـەپێدانی مرۆیـی)، یـان (کارامەییەکانـی بـازاڕی کار) داهێنـران، لێـرەوە ئیتـر بازاڕەکانـی جیهـان پڕکـران لـە کتێـب و بڵاوکـراوە و خولـی ڕاهێنـان بۆ فرۆشـتنی واهیمـەکان و خەیاڵـەکان بـە مـرۆڤ بـە گرانتریـن نـرخ، بـە پاسـاوی باشـترکردنی ژیانـی مـرۆڤ و پێوەندییەکانیـان و بـە تواناییکردنیـان، پاشـان دروسـتکردنی سـەروەت و سـامان و سـەربەخۆیی دارایـی، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی ئـەو خەڵکانـە هەسـت بکـەن بوونەتـە داردەسـتەی سـەرمایەداران و بـە هەمـوو تواناییەکـەوە شـەو و ڕۆژ کاردەکـەن بـۆ بەدەستهێنانی قازانـج، بۆ ئـەو کارگانـەی کاریـان تێدا دەکـەن، هـەروەک چـۆن پێشـتر دەرەبەگەکان بەهێـز و بەکارهێنانـی توندوتیـژی جووتیارەکانیـان دەچەوسـاندەوە، ئەمانیـش لـە کارگەکانیانـدا کرێکارەکان و فەرمانبەرەکانیـان دەچەوساندەوە، ئەمانە بە ویسـت و خواسـتی خۆیان کرێکارەکانیان

دووردەخستەوە، ئەمەش واتای وایە ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی گەشەپێدانی مرۆیی تەنیا واهیمە و خەیاڵاتن، نەخێر ئەو کتێبانە سوودی خۆیان هەیە، بەڵام هەق و ناهەق تێکەڵ دەکەن و وەک ئامرازێک بۆ مەرام و مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنن.

ململانێکردن لەسەر قۆرخکردنی عەقڵی خەڵک و ویست و خواستیان، بووەتە شتێکی سروشتی و ئاسایی و بەوپەڕی زیرەکییەوە لەلایەن سەرکردەکانی وڵاتان و ڕابەرەکانی حزبە سیاسییەکان و پیاوانی ئایینی و سەرۆک خێڵ و ئایینزاکان و خاوەن ئایدیۆلۆژیا و ئابووریناسان و سەرمایەدارەکان و خاوەن دەستەڵات و بەرژەوەندییەکانەوە دەکرێت، ئەوانە مافی قسەکردن قۆرخ و زەوت دەکەن، هیچ کەسێکیش ناگاتە خاوەن پۆستی باڵا، ئەگەر پلان و نەخشەکانیان بۆ جێبەجێ نەکات، واتە بە هەموو شێوەیەک بۆچوون و پلانەکانیان بۆ جێبەجێ بکات، ئەوجا بە هۆشیارییەوە بێت، یان بەبێ هۆشیاری، لێرەدا ئەوان هێزە نەرمەکان بەکاردێنن بۆ زاڵبوون بەسەر میللەتان و گەلاندا، بە هۆکاری نغرۆکردنی ئەو گەلانە لە نەزانی و نەفامی و سەرقاڵکردنیان بە بژێوی ڕۆژانە و ئاراستەکردنی بیر و هۆشیان بۆ شتی پڕوپووچ و بێبەها، یان دروستکردنی خەیاڵێکی خۆش و پەمەیی لەلایان، کە ئەمانە هەموو بەشێکی بچووکن لەو ئامرازانەی بەکاریان دێنن، بۆ دەستەمۆکردنی گەلان و ئامادەکردنیان لەڕووی عەقڵی و دەروونییەوە، بە شێوەیەک گوێڕایەڵ و گوێقوڵاغیان بن و ئەوان بە پاڵەوان و پێشەوا بزانن.

## توندوتیژیی هێمایی

ئەوە حەزێکە دوژمنکاری لە گەرمەی خۆیدا ڕوون بێت و دەست لە ملکردنی ترسنۆکانە نەپرووشاندبێت. حەزێکە ئەگەر سۆز لە گەرمەی بوونیدا ڕوون و ئاشکرا بێت و بەبێ تامی بەڵێنەکان و بەبێ زمان بێت، چونکە زمان قوتووی دووڕوو، زمان گەمەیەکە بەدەست ئەوانەی خوازیاری بەکارهێنانین، زمان بەرتیلە بۆ ئافرەت، زمان کونجییەکی بە بڕشتە بۆ درۆزنان .

**شاعیری فەلەستینی مورید بەرغوسی**

توندوتیژیی زمانەوانی مرۆڤ دژ بەیەکدی بەکاری دێنن، دوو وێنای گشتی وەردەگرێت:

توندوتیژیی واژەیی، هەم سزاکار و هەم قوربانییەکەش درکی پێ دەکات و لە دەربڕینەکانی گوشار و ناچارکردن، یان لە دەربڕینی ڕەق، یان لە وشەی ناشیرین، یان لە جنێودا دەردەکەوێت، ئەم واژانەش بە ئامانجی تۆڵەسەندنەوە، یان ئازاردان، یان شکستهێنانی بەرانبەر لە هەردوو ڕووی هەستی و مەعنەوییەوە بەکاردەهێنرێن، کە دوو شێوەن:

ا- شێوەی (ئازاردانی واژەیی)؛ لە وشەکانی هەڕەشە، جنێو و گاڵتەپێکردندا دەردەکەوێت.

ب- شێوەی تێکئاڵانی پێوەندیی؛ یان لە مشتومڕی قسەکردن دەردەکەوێت، کە پەیڕەوی لێ دەکەین بۆ گۆڕینی ڕەفتاری کەسانی دیکە، یان بۆ کۆنترۆڵکردنی بڕیارەکانیان، یان زەوتکردنیان، یان دنەدانیان، بۆ ئەنجامدانی هەندێک کار، کە نامانەوێت بیانکەین، یان مەبەستی نەهێشتنی بیروبۆچوون و هزرەکانیان و بە هەڵەدانانیان، هەروەک لە گفتوگۆ هزری و مشتومڕە سەختەکاندا ڕوودەدەن، کە لە ماڵ و لە بواری کار و کەسابەتەکانماندا، تەنانەت لەگەڵ دۆست و برادەراندا دەکرێن.

توندوتیژیی هێمایی شاراوە؛ سروشتی زمانەکە و توانایی وشەکان دەیسەپێننە سەر بەکارهێنەران و قوربانییەکانی بەبێ هۆشیاری. دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و ئابووریەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکانیش دەیکەن و بەکاری دەهێنن، بە هۆشیاری و گومڕاکردنی جەماوەر و فریودانیان و کۆنترۆڵکردنی هەست و سۆز و ڕەفتارەکانیان، بە بەکارهێنانی ئامرازی پڕوپاگەندەکردن و ئەفسوونی وشەکان و سپیکردنەوەی مێشک و پڕۆگرامکردنی زمانەوانی.

یەکێک لە جوولەکەکانی ڕووسیا ڤیزایەکی بۆ گەشتکردن لە مۆسکۆوە بۆ وڵاتی ئیسرائیل بەدەستهێنا، لە کاتی گەشتەکەیدا پشکنینیان بۆ جانتاکەی کرد و پەیکەرێکی (لینین) لە یەکێک لە جانتاکانیدا بوو، پشکنەرەکە پرسیاری لێ کرد، ئایا ئەمە چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: شێوازی پرسیارەکەت هەڵەیە، دەبوایە بتوتایە (ئەمە کێیە؟)، نەک ئەمە چییە؟ ئەمە لینینە، کە بنەماکانی شیوعیەتی داڕشت و خێر و خۆشی هێنایە ڕووسیا، منیش وەک ڕێزێک لە گەشتەکەمدا پەیکەرەکەی هەڵدەگرم، کارمەندە ڕووسییەکە بەم وتانە کاریگەر بوو و پێی وت: فەرموو تێپەڕە.

لە فڕۆخانەی تەلئەبیب پشکنەری گومرگ پەیکەرەکەی لە جانتاکە بینی و لێی پرسی: ئەمە چییە؟ لە وەڵامدا وتی: بەڕێزم پرسیارەکەت هەڵەیە، دەبوایە بتوتایە (ئەمە کێیە؟)، ئەمە لینینی تاوانباری شێتە، بەهۆی ئەمەوە ڕووسیام جێهێشت، لەگەڵ خۆم هێنام، بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژ سەیری بکەم و نەفرەتی بۆ بنێرم، بەرپرسە ئیسرائیلییەکە بەمە کاریگەربوو و ڕێگەی دا بڕوات.

هەر ئەم جوولەکە ڕوسییە کاتێک گەیشتە شوێنەکەی خۆی و لە ماڵی خۆیدا دانیشت، پەیکەرەکەی لینینی لە شوێنێکی بەرز دانا، کاتێک خزمەکانی بۆ بەخێرهاتنەوەی هاتنە لای، یەکێک لە برازاکانی پێی وت: (ئەمە کێیە؟)، لە وەڵامدا وتی: بچکۆل ئەمە هەڵەیە، دەبوایە بڵێی (ئەمە چییە؟)، ئەمە (١٠) کیلۆ ئاڵتوونی عەیار (٢٤)ـە، کە بێ گومرگ و بێ باج هێناومە، ئەوجا چیرۆکی تێپەڕاندنی ئەو پەیکەرەی لە گومرگ بۆ گێڕایەوە و وتی: سیاسەت ئەوەیە، کە توانایی ئەوەت هەبێت، هەمان ئەو شتە بە شێوازی جۆراوجۆر شرۆڤە بکەیت، بەشێوەیەک بەرانبەرەکەت هەموو جارێک باوەڕت پێ بهێنێت.

ئەم چیرۆکە لایەنێکی توندوتیژیی هێمایی دەگێڕێتەوە، کە شاراوەیە و لایەنێکی توانایی زمان بۆ چەواشەکاری و سەراونخونکردنی ڕاستییەکان بەبێ هیچ درۆکردنێک نمایان دەکات، هەروەها لایەنێکی تری توانایی ئەو کەسە دەردەخات بۆ ئاشکراکردن، بەبێ ئەوەی هەموو ڕاستییەکە بگێڕێتەوە ((وتنی ڕاستییەکە هەمیشە بە مەبەستی ئاراستەکردنی گوتارەکە نییە، چونکە لەوانەیە گوتارەکە بە مەبەستی فریودان و هەڵخەڵەتاندن بێت، زمانمان پێ بەخشراوە، بۆ ئەوەی بتوانین بیروبۆچوونەکانمان بشارینەوە، زمان دەتوانێت ڕاستییەکان ئاشکرا بکات، هەروەها دەتوانێت ساختەکارییەکان بدۆزێتەوە)). (١٤)

زمان تواناییەکی لەڕادەبەدەری هەیە بۆ فریودان و چەواشەکردن و ساختەکاری زیاتر لە ڕۆشنگەری و ئازادی ڕادەربڕین، زمان توانایی شاردنەوەی زیاترە وەک لە توانایی دەرخستن، زمان زیاتر بە لای ئابووریکردن و کورتکردنەوەدا دەچێت، بۆیە هەمیشە ڕووبەڕووی سێ خەوش دەبێتەوە: (گشتاندن و لابردن و شێواندن)، (١٥)

بۆ نموونـە ئێمـە بـە وشـەی (درەخـت) ئامـاژە بـە هـەزاران جـۆری ئـەو ڕووەکانـە دەکەیـن، کـە قـەد و ڕەگ و چڵیـان هەیـە، بەهەمـان شـێوەش وشـەی (پیـاو) و (ئافـرەت) بـۆ ملیۆنان کـەس بەکاردێنین، کـە لـە ڕووی ڕەنـگ و ڕەگـەز و زمـان و ئاییـنـەوە جـودان، بـەم شـێوە دەبینیـن نـاوی هەمەجـۆر بـۆ ڕاسـتییەکانی جیهانـی دەرەکیمـان بەکاردەهێنیـن، وەک (مـاڵ، چیـا، شـار، ئۆتۆمۆبیـل...)، کاتێـک دەڵێیـت: (ئەمـڕۆ کۆمپیووتەرەکـەم لەکارکەوتـووە)، ئـەوە ئـەم ڕسـتەیە ئابووریکردنـە، کـە هـۆکاری لەکارکەوتنەکـە و جـۆر و مارکـە و سـاڵی دروسـتکردن و کاریگەرییەکانـی ئـەم لەکارکەوتنـەش لەخۆناگرێـت، کاتێـک دەشـڵێین (ئەمـە کتێبێکـی باشـە)، ئایـا وشـەی (باشـە) چـی دەگەیەنێـت؟ ئایـا بـە چ پێوەرێـک و بـۆ کـێ ئـەم کتێبـە باشـە؟، کەواتـە ئـەم ڕسـتەیە هەندێـک شـت دەردەخـات و هەندێکـی دیکـەش دەشارێتەوە، بـەڵام ئەگـەر هەمـوو شـتەکان بـاس بکەیـن، ئـەوە ڕسـتەکە درێژتردەبێتـەوە و بێـزاری دروسـت دەکات. ئـەم سـێ خەوشـەش، خەوشـی بنەڕەتیـی سروشـتی زمـان و گوتـارن، کـە وا لـە زمـان دەکەن، توانایـی شـاردنەوەی لـە توانایـی ئاشـکراکردن و ڕوونکردنـەوەی زیاتـر بێـت، ئەگـەر سـەرجەم گوتـار و قسـە و خـوازە و پـلار و مەبەسـتەکانمان لێـک بدەینـەوە، دەبینیـن زمانـەکان تەنیـا بەشـێکی کـەم لـە هەسـت و نەسـت و واتـا و ئامانجەکانمـان ئاشـکرا دەکـەن.

سیسـتمی دوانەیـی گـەردوون لەسـەر زمـان پیـادە دەبێـت، بـە هەمـان شـێوەش لەسـەر سروشـتی مـرۆڤ جێبەجـێ دەبێـت. هەمـوو دوانەییەکانـی گـەردوون دژیەکـن: وەک (خێـر و شـەڕ)، (ڕووناکی و تاریکـی)، (دادپـەروەری و سـتەم)، (ڕاسـتی و پووچـی)، (خۆشـی و ناخۆشـی)، بـە هەمـان شـێوەش زمـان دوو دژیـەک پێکـەوە ئـەدا دەکات: (ئاشـکراکردن و شـاردنەوە)، (ڕێنمایی و گومڕایی)، (ڕاسـتی و فریـودان)، (لایەنگیـری و بێلایەنـی) و (ڕۆشـنگەری و چەواشـەکردن)، زمـان ئامرازێکـە بـۆ خۆناسـین و ئاشـکراکردنی پێوەندییەکانمـان لەگـەڵ شـتەکان و جیهـان و دەوروبەرمـان و گواسـتنەوەی هەمـوو ئـەو شـتانە بـۆ خەڵکانـی دی، بـە هەمـان شـێوەش زمـان ئامرازێکـە بەدەسـتمانەوە بـۆ زاڵبـوون و فریـودان و چەواشـەکردن و بەدیهێنانـی بەرژەوەندییـە تایبەتـەکان دژ بـە بەرژەوەنـدی کەسـانی دیکـە.

## ئازادی و بووژانەوە

فێربـوون و فێرکـردن و ئاشـکراکردن و پێکهێنانـی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان، تێگەیشـتن لـە خـود و پەرەپێدانـی، چارەسـەرکردنی ململانـێ و جیاوازییەکان، ڕەهابـوون لـە زاڵبوونـی کەسانی دیکـە، خۆپارێـزی لـە ئـازاردان و بەدیهێنانـی ئاشـتی.

## زاڵبوون و کۆنترۆڵکردن

زاڵبـوون بەسـەر عەقـڵ و ناخـی مـرۆڤ، فریودان و سـاختەکردنی ڕاستییەکان، توندوتیـژی و ئازاردانـی واژەیـی، شـاردنەوەی ڕاسـتییەکان و هەسـتەکان، زاڵبـوون و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتـی.

ئـازادی و بووژانـەوە لـە زانسـتەوە دەسـت پـێ دەکات، زاڵبوون و هەژموونیش لە سیاسـەتەوە دەست پـێ دەکات، زانسـتی تـەواو لەپێنـاو ڕاسـتییەکاندا ڕۆشـنکەرەوەیەکە بـۆ عەقـڵ و ئـازادی بیـر و هەسـت و نەسـتەکان و بۆچوونـەکان. سیاسـەتیش وەک چالاکییەکـی کۆمەڵایەتییـە، خەڵکانێـک بـۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خێزان و فەرمانبـەر و کۆمەڵگە و وڵاتیـان دەیکـەن، کـە چالاکییەکی هەژموونگەراییيە

بۆ کۆنترۆڵکردنی هزر و بیر و هەست و بۆچوونەکان بەڕێوەدەچێت.

هەموو مرۆڤێک بوارێکی زیندووی خۆی هەیە، دەوروبەرێکی کۆمەڵایەتی تایبەت بە بواری زاڵبوونی مەعنەوی، یان هەستیانەی خۆی هەیە، پیاو لە ماڵی خۆیدا، بەڕێوەبەر لە قوتابخانەکەیدا، وەزیر لە وەزارەتەکەی، حوکمڕان لە دەوڵەتەکەی خۆیدا، هەر کەسەو بوارێکی خۆی هەیە و بە هەموو تواناییەکییەوە هەوڵ دەدات ڕێز و کەسایەتی خۆی لەو بوارەدا بسەپێنێت و کۆڵەگەکانی زاڵبوونی خۆی جێگیربکات.

لە ژیانی ئاساییدا مرۆڤ بەسەر بازنەی دەستەڵاتەکەی خۆیدا زاڵ دەبێت، لەوانەشە ئەم پرۆسەیە بە هەڕەمەکی و دینامیکی بەڕێوەبچێت، کاتێکیش پێوەندییەکانی دەستەڵات لار و لەوێریان تێدەکەوێت، ئەوە ململانێ و توندوتیژی دەست پێ دەکات.

کاتێک دەست بە سیاسەتی مرۆڤ و سەرکردایەتی دەکەین، ئەوە گەمەی وشەکان دەست پێ دەکات، یاری دەستەڵاتی زمانەوانی و شاردنەوە و گومڕاکردن، لەم حاڵەتەدا زمان- بەشێوەی خوازەیی- دەبێتە یارییەکی کۆمەڵایەتی، کە هەمووان بەشداری تێدا دەکەن، چ یاریکەرەکان و چ هاندەرەکان، بەڵام ئەم یارییە مۆرکێکی تایبەتی بەخۆوە گرتووە، لێرەدا گەمەکەرەکان دژ بە هاندەران یاری دەکەن، یاریکەرەکان هەوڵ دەدەن بۆ دەستەمۆکردنی هاندەران و ملکەچکردنیان و سەپاندنی دەستەڵات بەسەریاندا، مەرجی یاریکردنەکەش ئەوەیە، کە یاریکەرەکان ئامانجەکانیان بپێکن، بەبێ ئەوەی هاندەرەکان هەستی پێ بکەن، ئەم گەمەیە پشت بە لێهاتوویی یارییکەرەکان دەبەستێت، لە شاردنەوە و قایلکردنی هاندەرەکان بەوەی دەستیان لەگەڵیاندا هەیە و سەریان دەخەن و پشتگیرییان لێ دەکەن، لەم پرۆسەیەشدا سوود لە سەرمایەی هێمایی/ ڕۆشنبیریی هاوبەش وەردەگرن (بەهاکان، بۆچوونەکان، بیروهزرەکان، وتەکان، هێماکان.... تاد)، کاتێک جەماوەری هاندەران یارییەکە ئاشکرا دەکەن و فێڵەکە دەدۆزنەوە، کە بۆ شاردنەوەیە، ئەوە لەم حاڵەتەدا فریودانەکە بەڕوونی ئاشکرا دەبێت و سەرکەوتنی یاریکەرەکان بۆ دۆڕاندن دەگۆڕێت و هاندەرانیش دەیبەنەوە.

(پییێر بۆردیۆ ١٩٣٠- ٢٠٠٢ ) یاریی دەستەڵاتی زمانەوانی بە زاراوەی (توندوتیژیی هێمایی) ناوزەددەکات، کە بە یەکێک لە دۆزینەوە هزرییە گرنگەکانی هەژماردەکرێت، ئەم زانایە هەوڵی بێ وێنەی خستەگەڕ، بە مەبەستی پێناسەکردنی ئەم زاراوەیە و داڕشتنی مەودا و سنوورەکانی، کاریشی لەسەر دۆزینەوەی دینامیکییە کۆمەڵایەتییەکەی کرد و کەینوبەینە هزرییەکانی و تواناییەکانیشی دەستنیشان کرد بۆ فریودان و چەواشەکاری و خۆشاردنەوە لە قوربانییەکانی و ئەنجامدانی، بە شێوەیەک کاریگەرییەکەی دزە دەکاتە نێو هۆشیاری قوربانییەکانی و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەبێ هیچ هەستێک و بە زۆرەملێ پێیان دەکرێت، چونکە ئەوە توندوتیژییەکی نەرمونیان و شاراوە و ئارامە و نەبینراوە و لە ڕیسکێکدا پشت بە ڕەسەنکردنی بەشداریکردن لەنێوان قوربانییەکە و ئەنجامدەرەکە دەبەستێت، کە لە وێناکان و بۆچوونەکان و وتەکان و واتا و چەمکەکان و بۆچوونەکان پێکهاتووە، بە شێوەیەک ئەگەر لێیان ئاگاداربین و بیریان لێ بکەینەوە، وا دەردەکەون کە بە ڕواڵەتێکی دیکە و بەو ڕاستییە و بەو ڕەواییە نییە، کە خۆمان ڕادەستیان کردووە و بە ڕاستمان

زانیــون و هەڵەیەکــی گەورەمــان کــردووە، (١٦) ئەمــە: ((توندوتیژییەکــە بــە ســازانێکی ژێراوژێــر – کرۆکئامێــز لەلایــەن ئەوانــەی ملکەچــی دەبــن دەکرێت، لەگـەڵ ئەوانـەی بـە ڕێژەیـەک دەیکـەن، کـە هـەردوو لایـەن تێیـدا وەک یـەک دەبـن بەبـێ هۆشـیاری و بێئاگایـی ئـەم توندوتیژییـە، یـان ملکەچبوونـە لەلایـەن ئەوانـەوە دەکرێـت)). (١٧)

توندوتیــژی زمانەوانــی (هێمایــی) جۆرێکــە لــە جۆرەکانــی جەنــگ، کــە لەجیاتــی چــەک وشــەی تێـدا بەکاردەهێنرێـت، هـەروەک چـۆن لـە جەنگـە خوێناوییەکانـدا پـلان و نەخشـەی جەنـگ و شـەڕ و پێکـدادان بەکاردەهێنرێـت و مانـۆڕی سـەربازی و نمایشـی چـەک و تەقەمەنـی تێـدا دەکرێـت، بـە هەمـان شـێوەش بـە وشـەکان جەنـگ و شـەڕی کارەسـاتبار بەرپادەکرێـت، کـە ئەمـەش بـە توندوتیژیـی زمانەوانـی دادەنرێـت.

بـە وشـەکان ئەنجامدەرانـی توندوتیژیـی زمانەوانـی ئەوانـی دیکـە فریـو دەدەن و تەڵەیـان بـۆ دەنێنـەوە، یـان لەگەڵیانـدا دەکەونـە کێشـمەکێش و مشـتومڕی زارەکییانـە و لـە ئەنجامـدا سـەرکەوتن و دۆڕان ڕوودەدات، یـان جەنگێکـی ئاخاوتنـی توند بـۆ ئـازاردان و کێشـە دروسـتکردن و ئاژاوەنانـەوە بەرپـا دەکەن.

((توندوتیژیـی هێمایـی جۆرێـک لـە ملکەچییـە لای ئەوی دی، ئەویش لە ڕێگەی سـەپاندنی هزر و ئایدیۆلۆژیـای کۆمەڵاتییـەوە، کـە زۆرجـار لـە هێـزە کۆمەڵایەتـی و جینایەتییەکانـەوە سـەرچاوەدەگرن و لـە پێگەکانـی هەژمـوون و سـەروەرییبووندا چرەبنـەوە، ئـەم جـۆرە توندوتیژییـە ئامانجـی ئەوەیـە ئایدیۆلۆژیـای دیاریکـراو دروسـت بـکات و لـە مێشـکی کەسـانێکدا ڕەگیـان دابکوتێـت، کـە ڕووبەڕووی ئـەم جـۆرە توندوتیژییـە دەبـن)). (١٨)

توندوتیژیـی هێمایـی توندوتیژییەکـی داپۆشـراوە، کە زمان و هێما و ڕۆشـنبیری و بەها و قەناعەتەکان بەکاردەهێنێـت، بـە مەبەسـتی سـەپاندنی هەژموون و دەسـتەڵات و زاڵبـوون و کۆنترۆڵکردنـی کۆمەڵایەتـی، ئـەم جـۆرە توندوتیژییـە کاریگەریـی خـۆی لەسـەر مێشـک و ڕوح و گیـان و هەسـت و نەسـت هەیـە بەبـێ هیـچ بەرگـری و تێبینییـەک.

بیرکردنـەوەی ڕاستودروسـت شـۆک دەکات و هەسـت و سـۆزەکان زەوت دەکات، ڕەفتارەکانـی مرۆڤیـش بـۆ ئـارەزووی ئەوانـی دیکـە و بەرژەوەندییەکانیـان ملکـەچ دەکات، ئـەم جـۆرە توندوتیژییـە زمانەوانییـە دەسـتەڵاتدار بـە هۆشـیاری و چاوساغی و فرتوفێڵـەوە دەکرێت و ئەنجام قوربانییەکانی دەکەونـە تەڵەکەیەوە بەبـێ ئـەوەی ئاگایـان لـێ بێـت، بگـرە بەوپـەڕی دەمارگیـری و تاسـەوە بەپیریـی وشـە درۆیینەکانـەوە دەچـن، بـە شـێوەیەک هەندێکیـان دەبنـە جەلـلادی پلـە دوو و دەبنـە بانگخـوازی ئەوتـۆ، کـە زۆر بـە پەرۆشـەوە خزمـەت بـە بەرژەوەنـدی جەللادەکانـی پلـەی یەکـەم دەکـەن، بەبـێ ئـەوەی هۆشـیارییەکیان هەبێـت دەربـارەی ئامانجەکانیـان و ئەنجامـی ئـەو کارەی دەیکـەن. (خەلیـل کوڕی ئەحمـەدی فەراهیـدی) دەڵێـت: ((چـوار جـۆر پیـاو هـەن: پیاوێـک دەزانێـت و دەشـزانێت کـە دەزانێـت، ئـەوە ئـەو کەسـە زانایـە و پرسـیاری ئاراسـتە بکـەن، پیاوێکیـش دەزانێـت، بـەڵام نازانێـت، ئـەوە ئـەو کەسـە لـە بیـری چـووە و بیـری بهێننـەوە، پیاوێکیش نازانێت و دەزانێت کە نازانێـت، ئـەوە ئـەو کەسـە نەزانـە و فێـری بکـەن، پیاوێکیـش نازانێـت، بـەڵام نازانێـت کـە نازانێـت، ئـەوە ئـەو کەسـە گەمژەیـە و لێـی دووربکەونـەوە)). (١٩)

جەللادەکانـی پلـەی دووەم لـەو گەمژانـەن، کـە (خەلیـل ئەحمـەد فەراهیـدی) لـە بەشـی چوارەمـی پیاوەکانـدا پۆلێنـی کـردووە، هـەر ئەوانـەش قورئانـی پیـرۆز وەسـفیان دەکات و خـوای گـەورە دەفەرموێـت ((الذیـن ضـل سـعیهم فـي الحیـاة

الدنيـا وهـم يحسـبون انهـم يحسـنون صنعـا)) (ئەوانـەی هەوڵەکانیـان لـە دنیـادا بـە فەتـارەت چوون، کەچی وا دەزانن کارێکی باشیان کردووە) (سـوورەتی الکهـف، ئایەتـی ١٠٤).

ئـارەزووی زاڵبـوون و هەژمـوون و دەسـتەڵات بەشێکە لـە بنیـادی دەروونیمـان، ئەم ئـارەزووە لە خوێنماندایـە، ئەوجـا ئەگـەر هەستی پـێ بکەیـن، یـان نەیکەیـن، هەمومـان ملکەچـی دەبیـن بـۆ دەسـتەڵاتێکی لـە خۆمـان بەهێزتـر، دەسـتەڵاتی خۆشـمان بەسـەر ئەوانـەی خـوار خۆمانـدا دەسـەپێنین، بـەڵام ئەوانـەی مافـی قسـەکردنیان هەیـە و توانایـی زمانەوانییـان یارمەتیدەریانـە و زیرەکـی زمانەوانییـان و زرنگـی و هۆشـیاری کۆمەڵایەتییـان هەیـە بـۆ دەربریـن و ڕەوانبێـژی و پەتیبـوون و ئاراسـتەکردنی گوتـار بـۆ عەقـڵ و هەست و نەستەکان، لێرەدا دەبنـە خـاوەن مافـی خۆسـەپاندن و دەسـتەڵاتداری بەسـەر هەمووانـدا و مافـی حوکمڕانـی و ڕابەرایەتـی دەگرنەدەسـت.

زمـان توانایەکـی لەڕادەبـەدەری هەیـە بـۆ دروسـتکردنی سـەرکردە و هـەواداران، بۆ زاڵبووەکان و ملکەچبـوان، ئەمـە توندوتیـژی هێمایی شـاراوەیە، دەسـتەڵاتی نەبینـراوی زمانـە، ئـەو دەسـتەڵاتەی کـە (وتـە ئایینییـەکان)، یـان (وتـە سیاسـییەکان)، یـان (وتـە ڕۆشـنبیری و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان)، یـان (وتەکانـی سـەرکردە و حوکمڕانـەکان)، یـان (وتەکانی فەیلەسـووف و شـاعیران)... تاد دروسـتی دەکـەن و کەسـانێکی دیکـەی بـۆ ملکـەچ دەکـەن و ملیۆنـان مـرۆڤ دوایـان دەکـەون، ئەوانـە زمـان بـۆ زاڵبـوون بەکاردەهێنـن و بەرژەوەندییەکانـی خۆیانـی پـێ دابیـن دەکـەن، ئەویـش بـە ویسـت و خواسـت و ڕەزامەندیـی قوربانییەکانیـان و دواکەوتەکانیـان.

وشـەکان و پڕوپاگەنـدە و دروشـمە واژەییـەکان دەتوانـن شـتە ناڕاسـتەکان وا وێنـا بکـەن، کـە ڕاسـتی و ڕاسـتەقینەن، یـان ڕاسـتییەکان بگـۆڕن و بیانشێوێنن و مەبەستەکان و ئەنجامی مەسەلەکانیش بشـارنەوە. وتەکانـی شـیوعیەت و پڕوپاگەندەکانـی و بانگەشـەکانی بـۆ خاوەندارێتـی هاوبـەش و نەهێشـتنی موڵکایەتـی تـاک و لابردنـی مـاڵ و موڵک و دەوڵـەت و کۆتاییهێنـان بـە چینایەتـی کۆمەڵایەتـی سـەرکەوتنیان بەدەسـتهێنا لـە هەڵخەڵەتاندنـی گەلانـی یەکێتیـی سـۆڤیەت و چیـن و یوگۆسـلاڤیا و چەنـد وڵاتێکی دیکـە. ئـەو وتـە و بەڵێنانـە، ئـەو هـزر و بیروبۆچوونانـە هێـزی سیحرین و مرۆڤایەتـی گوایـە لـە مەینەتـی و بەدبەختـی ڕزگاردەکـەن و لـە هـەژاری و بەشـمەینەتی دەریاندەهێنـن و پەلیان بـۆ بەهەشـتی سـەر دنیـا و خۆشـگوزەرانی و شـادی دەکێشـن، ئـەو گەلانـە نەیاندەزانـی ئـەم قسـانە فرتوفێڵـی زیرەکانـەن و سـەرکردە سیاسـییەکان و هێـزە سـەربازییەکان و هێـزە ئابوورییـەکان بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیـان دەیانلێـن، تـا پـارە و پـوول و دەسـتەڵاتی زیاتـر بەدەسـت بهێنـن، بـە هەمـان شـێوەش سیاسـەتمەداران و خـاوەن بەرژەوەندییـە ئابوورییـەکان لـە ئەورووپـا و ئەمەریـکا و زۆر لـە وڵاتانـی جیهـان توانییـان خەڵـک فریـو بـدەن و وایان تێبگەیەنـن، کـە وتەکانیـان و قسـەکانیان دەربـارەی سیسـتمی سـەرمایەداری و بانگەشـەکردنیان بـۆ موڵکایەتـی تـاک، بەهەشـتی سـەر زەمینیـان بـۆ دەخولقێنـێ، بـە بەکارهێنانـی وشـە و دەربڕینـە سەرنجراکێشـەکان دەربـارەی سـەرمایەداری، توانییـان دەسـت بەسـەر بەرژەوەنـدی و مـاڵ و موڵکـی خەڵکیـدا بگـرن و ڕەنـج و ماندووبونیـان بخـۆن و دەرەنجامیـش سیاسـەتمەدارەکان زیاتـر دەوڵەمەندبـوون و هەژارەکانیـش زیاتـر هـەژار و بـێ دەرەتـان بـوون.

ڕاستییەکەی شـیوعیەت و سەرمایەداری و نازیەت و فاشـیزم و هیـچ ئایدیۆلۆژیایـەک خـاوەن هێـز و

**توانایـی خـودی و بنەڕەتـی خـۆی نەبـووە، بـە بیـر و بۆچوونەکانیشـیان هیـچ بنەمایەکـی نەبـووە و هیـچ خاڵێکـی سەرنجڕاکێشـیان تێـدا نەبـوو، بـەڵام هەلپەرسـتان و خـاوەن بەرژەوەندییـەکان لـە سیاسـەتمەداران و خـاوەن بەرژەوەندییـە ئابوورییـەکان و پیاوانـی ئایینـی، توانییـان ئـەو هزر و بیـر و تیۆرانـە بـە وشـەی جـوان و دەربڕینـی بریقوبـاق پێشـکەش بـە گـەلان و میللەتانـی ژێردەسـتیان بکـەن، ئەوجـا گوێقوڵاغیـان بکـەن و بـەرەو بەرژەوەندییەکانـی خۆیـان ڕاپێچیـان بکـەن، دەرەنجـام ئـەو گەلانـە هیچیـان دەسـت نەکـەوت، مەگـەر نەهامەتـی و هـەژاری و نـەداری نەبێـت، کاتێـک دەبێتـە ڕەخنەگرێکـی ڕۆشـنبیری، یـان شـیکارێکی کۆمەڵایەتـی، یـان پزیشـکێکی دەروونی، یـان چاودێرێکـی دەرەکـی و لـە تـەرزی ڕۆشـنبیری کۆمەڵگەیـەک تێڕادەمێنیـت، ئەوکاتـە کار و ڕەفتـار و ئایدیـا و شـێوازی بیرکردنـەوەی ئـەو کۆمەڵگەیەت بـۆ دەردەکەوێـت، پاشـانیش بـە تەواوەتـی درک بـە زاڵبوونـی زمـان و دەسـتەڵاتی توندوتیژیـی هێمایـی شـاراوەیی لەسـەر تـاک و کۆمەڵگـە دەکەیـت.**

**ئەم نووسینە لەم کتێبە وەرگیراوە و وەرگێڕراوە:**

(د.جمعـان بـن سـعيد القحطانـي، الحريـة اللغويـة - تفكيك تقنيات العنف الرمزي وسلطة اللغة، دار كنوز المعرفـة للنشـر والتوزيـع، الطبعـة الاولـى، ٢٠٢١، ص ٥١ - ٧٦).

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


١٠ - مـاري د. جونـز و لاري فلاكسـمان، حـروب العقـول، تاريـخ سـيطرة الحكومـات والاعـلام و الجمعيـات السـرية علـى العقـل ومراقبتـه وادارة شؤون الناس، ترجمة نور الدائم بابكر أحمد، مكتبة العبيكات، الرياض، الطبعة الاولى، ٢٠١٢، ص ٩ - ١٠.

١١ - جوزيـف نـاي، القـوة الناعمـة، وسـيلة النجـاح فـي السياسـة الدوليـة، ٢٠٠٤، ترجمـة د.محمـد توفيـق البجيرمـي، مكتبـة العبيـكان، الريـاض، الطبعـة الاولـى، ٢٠١٢، ص ٧٧ - ٧٩.

١٢ - مأمـون فنـدي، الحـروب الكلاميـة - الاعـلام والسياسـة فـي العالـم العربـي، ٢٠٠٧، ترجمـة تانيـا ناجيـة، دار السـاقي، بيـروت، الطبعـة الاولـى، ٢٠٠٨، ص ٨٩، ٩٠.

١٣ - اياد بـركات، صحيفة (العـرب)، العـدد ١٠٣٨١، السـنة ٣٩، الثلاثـاء ٢٠١٦/٨/٣٠.

١٤ - برترانـد راسـل، مـا وراء المعنـى والحقيقـة، ترجمـة محمـد قـدري عمـارة، المجلـس الأعلى للثقافـة، القاهـرة، ٢٠٠٥، ص ٢٨.

١٥ - محمـد التكريتـي، آفـاق بـلا حـدود، مقدمـة فـي هندسـة النفـس الانسـانية، قرطبـة للنشـر والتوزيـع، الريـاض، الطبعـة الخامسـة، ٢٠٠٦، ص ٣٩ - ٤١.

١٦ - علـي أسـعد وطفـة، مـن الرمـز والعنـف الـى ممارسـة العنـف الرمـزي، قـراءة فـي الوظيفـة البيداغوجيـة للعنـف الرمـزي فـي التربيـة المدرسـية، مجلـة شـؤون اجتماعيـة، مجلـة فصليـة علميـة محكمـة، تصـدر عـن جمعيـة الاجتماعييـن، الشـارقة، الامـارات العربيـة المتحـدة، السـنة ٢٦، العـدد ١٠٤، شـتاء ٢٠٠٩.

١٧ - بييـر بورديـو، التلفزيـون وآليـات التلاعـب بالعقـول، ترجمـة درويـش الحلوجـي، دار كنعـان، دمشـق، ٢٠٠٤، ص٤٦.

١٨ - علـي أسـعد وطفـة، مـن الرمـز والعنـف الـى ممارسـة العنـف الرمـزي، قـراءة فـي الوظيفـة البيداغوجيـة للعنـف الرمـزي فـي التربيـة المدرسـية، مجلـة شـؤون اجتماعيـة، مجلـة فصليـة علميـة محكمـة، تصـدر عـن جمعيـة الاجتماعييـن، الشـارقة، الامـارات العربيـة المتحـدة، السـنة ٢٦، العـدد ١٠٤، شـتاء ٢٠٠٩، ص ٦٨.

١٩ - أحمد بن محمد بن عبد ربـه الأندلسـي، العقد الفريـد، دار الكتـب العلميـة، ١٩٨٣، المجلـد الثالـث، ص ٣٠.